# بنیادی دەلالی و شیمانەیی دال
# لە (شیعری نوێی کوردی)دا(١)

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا

**(١ - ٢)**

**پێشەکی**

بە شێوەیەکی گشتی دەستەواژەی بنیادی دەلالی (بە کۆی بیرورا جیاوازەکانەوە) بەرهەمهێنانی دەلالەتی - حەقیقی و شیمانەیی-(٢) دەگرێتەوە، جا چ پێوەندی بە سروشتی کۆمەڵایەتییەوە، یان بە سروشتی تاکی رۆشنبیر و کەسەکانەوە هەبێت، هەڵبەتە لێرەدا لە رووی ئەدەبییەوە قسە لە بەرهەمێنانەوەی دەلالەت دەکەم، بەڵام لە بیرمان نەچێ فیکری مرۆیی لێکدانەبراوە، بۆیە دەشێ بەشێک لەو قسەکردنە، قسەکردنیش بێت لە رووی بیرکارییەوە، دەمەوێ بڵێم شیکردنەوەی (حەقیقەت) وەک زاراوە لە رووی بیرکارییەوە بە تەواوی بەو راستییە دەگوترێت کە وردبینی کراوە و حەقیقەتە مەعریفییەکان دەگەیەنێت. لە بیرکاریدا دالی حەقیقی هەموو رێگایەک بۆ کۆمەڵەی بەشەکان و کۆمەڵەی ژمارە راستییەکان خۆش دەکات، بەڵام (شیمانەیی) لە رووی بیرکارییەوە هەموو ئەو ژمارانە دەگرێتەوە کە دەکەونە نێوان (سفر و یەک)ـەوە، تیوری شیمانەیی ئەوە نییە کە خۆی بسەپێنێ، بەڵکو ئەوەیە کە هەڵبژاردن دەخاتە پێشەوە، یەکەمیان جەخت لە یەقین و دیار (Certain) دەکات، دووەمیان پشت بە رێکەوت و نادیار (Chance) دەبەستێت.

لە فەلسەفەدا چەمکی (راڤەکردن) و (حەقیقەت) دەچنە نێو یەکترەوە، لە زمانی گریکیدا حەقیقەت "ئەلیسیا- alethia" وشەیەکە بە مانا حەرفییەکەی واتای "پەردە لادان" دێت، بەڵام راڤەکردن، واتە رێگادان بە حەقیقەت بۆ ئەوەی بدوێت، یان لە رێگای پەردەپۆشین و پەردەنەپۆشین بە کردەی کەشفکردن رابێتەوە.(٣) هەموو ئەوانەی قسەیان لە دەستەواژەی بنیادی دەلالی کردووە، رێکخستنی مانا و کەشفکردنی مانایان خستووەتە پێشەوە، وەک چۆن رووە جیاوازەکانی ماناشیان بە هەند هەڵگرتووە! بەڵام نابێ لە بیرمان بچێت کە هەموو قسەکردنێک لە دەستەواژەی بنیادی دەلالی، دەچێتە سەر قسەکردن لە تەئویلی دەلالی «تەئویلی دەلالی کردەیەکە رێگا بە خوێنەر دەدا هێڵی دەلالی دەق بخاتە روو»، بەڵام مانا چییە؟ مانا ئەو (پێوەندییە) دوو سەرەیە، کە لە نێوان وێنەی هۆشەکی و وشەدا دروست دەبێت.(٤) بەڵام رەنگە پرسیار ئەوە بێ ئایا سنوور و جۆری ئەو پێوەندییە چەندە و چییە و چۆنە، ئایا لە هەموو رووەکانی دڵنیاین، دەلالەتی زانستی و راستی ئەو پێوەندییە چەندە، ئایا دەشێ ئەو پێوەندییە گشتگیر بکرێت، ئایا ئەو پێوەندییە لە هەموو زمانەکاندا وەک یەکە، ئەو پێوەندییانە بە درێژایی مێژوو قسەی لێ

دەکرێت، یان بەپێی گەشەکردنی زمان دەگۆڕێ؟

بە دیوەکەی دیکەدا بەرهەمهێنانی بنیادی دەلالی جۆرێکە لە (دانان) و (بەیادهێنانەوە) و (ڕێکخستن)! کەواتە بۆ تێگەیشتن لەو دەستەواژەیە پێویستە بۆ دیدی (سوسێر)(٥) و ئاستی گوزارشتکردن و ئاستی ناوەرۆک و مانای بەرهەمهاتوو بگەڕێینەوە، ئەو دیدە سوسێرییەش پێوەندی بە هاوسەنگی نێوان گوزارشتکردن و ناوەرۆک و بەرهەمهێنانی دەلالەت و جمگەکانی بە یەکەوەبەستنەوەی دەلالەتەکانەوە هەیە، وەک چۆن لە لایەکی دیکەش پێوەندی بە جیاوازییەکانی ئاستی گوزارشتکردن و مانای وشە بەیەکەوە بەستراوەکان و چۆنێتی بەیەکەوە بەستنەوەوە دەکات. هەموو ئەوانەش لە ڕووی سیمیاییەوە ئەوە ئاشکرا دەکەن، کە دانان و بەیادهێنانەوە و ڕێکخستن پێوەندی بە ئاستی (گوزارشتکردن) و (ناوەرۆک) و (کەشفکردنی مانا)وە دەکات.

مەرج نییە بیرکردنەوەی نوێ وەک پێویست پرسیاری نوێ دابهێنێ، بەڵام دەشێ بە ڕێبازی نوێ، پرسیارە کۆنەکان لێک بدەینەوە، لێرەدا پرسی مانا وەک پرسێکی کۆن هەر تەنیا بە وشەوە گرێ نەدراوە، هەر تەنیا بە قسەکەرەوە بەند نییە، هەر تەنیا بە مانای ئامادەوە بەند نییە، هەر تەنیا بە گوێگرەوە نالکێ، دروست بوونی پێوەندی مانای ئامادە هەر تەنیا بە ئاستی گوزارشتکردن و ئاستی زمانی گوزارشتکردنەوە نالکێ، بە دیوێکی دیکەدا پرسی مانا پرسی هاوژیانی و کەشفکردنی دەلالەتە؟!

لە نێوان وشە و دەلالەتەکانی وشەدا پێوەندییەکی سروشتی بوونی نییە، وشە و ڕستە ڕەمزن! چ مانای ئامادە، چ مانای خەیاڵکراو و شیمانەیی شتێک لە دەرەوەی خۆیان دیاری دەکەن، دەلالەت لە شتێک دەکەن: بۆ نموونە (دووکەڵ) دەلالەت لە ئاگر دەکات... (دڵی پێکراو بە تیر) دەلالەت لە ئەڤین دەکات و زێتریش، وەک دەبینین دەلالەت بایەخ بە دیراسەکردنی نیشانەکان و شتەکان و هەبوونەکان دەدات، بایەخ بە کۆی ئەو شتانە دەدات، کە لەگەڵیاندا ژیاوە، بایەخ بە کۆی ئەو شتانە دەدات، کە لەگەڵیاندا دەژی، بایەخ بە کۆی ئەو شتانە دەدات، کە ئەوی دیکەی جیاواز دەیبینێ؟! ڕەنگە وشە شتێک بگەیەنێت، لە ژێر سێبەری پێوەندییەکانی



ئەنوەر مەسیفی

ئێمە، کە ئێمە بیری لێ دەکەینەوە، ڕەنگە وشە شتێک بڵێ، نەکەوێتە ژێر سێبەری پێوەندییەکانی وەرگرەوە، ئەوەی دوای ئێمە بیری لێ دەکەنەوە، یان بیری لێ ناکەینەوە، دەمەوێ بڵێم مانای ئامادە ئەو پێوەندییەیە کە لە نێوان من و ئەو و لە نێوان شتەکانەوە هەیە، بەو مانایەش بنیادی دەلالی (دنیای حەقیقی مانا) دنیای چەسپاو نیشان دەدات، لە پشت هەموو ئەوانەش ڕۆشنبیرییەک ئامادەیە، کە بەرەو پرەنسیپ و یاسا و ڕێساکان هەنگاو دەنێت! بەڵام شیمانەیی دال (هاوژیانی مانا) وێنا دەکات، دنیای جووڵاو، لە پشت هەموو ئەوانەش ڕۆشنبیرییەک ئامادەیە، کە بەرەو دەق و دەقی کراوە دەبێتەوە، کە بەرەو ئەوی دیکەی جیاواز دەبێتەوە! دنیای حەقیقی مانا لە سەر ڕێکخستنی مانای ئامادە وەستاوە، شیمانەیی دال و دەقی کراوە لە سەر خەیاڵی کەشفکردن، بەڵام ڕووە جیاوازەکانی مانای ئامادە وەستاو و مانای کەشفکراو پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ئەوی دیکەی خوێنەرەوە هەیە.

**ئیشکالیەتی مانا**

**لە نێوان ڕێکخستنی مانای ئامادە و خەیاڵی کەشفکردندا**

(سوکرات)(٦) پێناسەی بیرکردنەوە دەکات، بەڵام (ئەفلاتوون)(٧) بیرکردنەوە لە واقیعی هەستپێکراو جیا

دەکاتەوە. ئەو قسەیە پێمان دەڵێت فیکری مرۆیی لە ئەفلاتوونەوە ئیشکالیەتی مانای بۆ بەجێماوە، ئەفلاتوون، سوکرات، سۆفستاییەکان پێیان وابوو پێوەندی نێوان گوتن و ماناکانی گوتن پێوەندییەکی خودی و سروشتییە! واتە گوتن ڕاستەوخۆ لە مێشکدا تێگەیشتنی تایبەتی خۆی دەخاتەوە، بەڵام ئەرستۆ بیرکردنەوەی ئەفلاتوون ڕەت دەکاتەوە و پێی وایە پێوەندی نێوان گوتن و ماناکانی گوتن پیشەیی و تێرمئامێزە، ئەوەیە کە تاکەکانی کۆمەڵگا لەسەر ماناکانی ڕێککەوتوون، وەک چۆن سوکرات دەڵێ ڕاستە هەندێ گوتن پێوەندییەکی سروشتی بە ماناوە هەیە، بەڵام هەندێکیان وا نین، بەڵکو خەڵکانێک مانای تایبەتی پێ دەبەخشن و ئەو مانا تایبەتییانە دەچەسپێن و دووبارە دەبنەوە، لە کۆی ئەو قسەکردنانەوە دەتوانم بڵێم مانا فیکرەیەکە، یان چییەتییەکە، یان پرەنسیپی تێگەیشتنێکە، کە وەک یەک لە واقیع، یان فیکرێکەوە سەرچاوە دەگرێت. بیریاری ئەڵمانی (شلیرماخەر)(٨) هەڵوێستێکی کلاسیکیانەی بەرانبەر هیرمینۆتیکا هەیە، پێی وایە دەق لە ناوەندێکی زمانەوانی پێکهاتووە و فیکری دانەر بۆ خوێنەر دەگوێزێتەوە، لە ڕووی زمانەوە دەلالەت لە تەواوی زمان دەکات، لە ڕووی سایکۆلۆجییەوە دەلالەت لە فیکری خودی داهێنەر دەکات! پێوەندی ئەو دووانە پێوەندییەکی جەدەلییە. وەک دیارە هەوڵ دەدات قسە لە دوو ڕوو بکات، یەکەمیان بابەتی، کە سەر بە زمانە و تێگەیشتنی هاوبەش دەسازێنێ، دووەمیان خودی، کە تایبەتمەندی دانەر دەخاتە ڕوو، بەڵام تێڕوانینی نوێ بۆ دەق ئەو شێوە بیرکردنەوە کلاسیکییە تێدەپەڕێنێ و بنیادگەراکانیش دەخاتە لاوە و پێی وایە ماناکانی دەق نە پێوەندی بە دانەرەوە هەیە و نە بە خوێنەرەوە، بەڵکو لە نێوان دانەر و خوێنەردا دەجووڵێتەوە، لە نێوان دانەر و خوێنەردا زمان پێوەندییەکان ڕێکدەخات، وەک ئەوەی پرۆژەیەک بێ بۆ ژیان لە خوێندنەوەدا بێتە بەرهەم و لە خوێنەردا خۆی واڵا بکات.

(فریگە(٩) و هوسرەل(١٠) و ڕاسل(١١)) لە سەر هەمان بیرکردنەوەی ئەفلاتوون، یان بەلای کەمی لە وێناکردنی بوونی بابەتخوازیانە نزیک بوونەوە و پێیان وابوو مانا بابەتخوازی و ئایدیالییە، مانا هەیە و پێوەندی بە ناوەرۆکی عەقڵییەوە نییە! واتە پێوەندی بە لێکدانەوە و ڕاڤەکردن و بەجێهێنانەوە نییە، وەک چۆن پێوەندی بە نیشانە زمانەوانییەکانەوە نییە. بۆ نموونە (نیازخوازی) هوسرەل پێوەندی بە بابەتگەرایی ماناوە هەیە نەک عەقڵ، هوسرەل هەرگیز فیکرەی (فرە مانایی) قبووڵ نەکردووە، بە کورتی هەموو ئەوانە پێمان دەڵێن مانا هەیە و ئامادەیە و پێوەندی بە ڕێکخستنەوە هەیە، لە ڕێگای ئەو تێگەیشتنەوە هوسرەل دەڵێ: هەموو ئاگامەندییەک درککردنی تایبەت بەخۆی هەیە.(١٢)

سیستمی زمانەوانی سیستمێکی داخراوە! زمان هەموو پێوەندییەکانی دەکەوێتە ناوەوەی خۆیەوە، وەک بنیادگەراکان نازیان بەو تێزەوە دەکرد، بێ گومان هەموو ئەوانە مانای ئامادە و ڕێکخستنی مانای ئامادە ئاسان نیشان دەدەن، من لە بەر حەقیقەتی ئەو داخرانە نییە، دنیای ڕێکخستن وەک دنیایەکی داخراو دەبینم، ڕاستە هەموو ڕێکخستنێک گرنگییەکی زۆری بە نسبەت ڕیتم و ناوکۆیی و تێگەیشتنەوە هەیە. من لە بەر ئەوە نییە، دنیای ڕێکخستن وەک دنیایەکی داخراو دەبینم، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە زمان دەژی و گەشە دەکات و بەرەو پێشەوە دەچێت و بەردەوام لە ناوکۆیی و خەیاڵی ڕێکخستنی نوێ خۆی دەبینێتەوە.

بڕوایەک هەیە پێی وایە (تێگەیشتن) و (مانا) هەردووکیان عەقڵ بەرهەمیان دەهێنێ. هەردووکیان وێنەی عەقڵین، بەڵام لە نێوانیاندا دەلالەت دەگۆڕێ، یان دەکەوێتە سەر لایەنی بەرپرس، قسەیەک هەیە، مانا بە گوتراوەوە دەلکێنێ و تێگەیشتن لە عەقڵەوە بەرهەم دەهێنێ، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە، کە تێگەیشتن لە مانا دابڕاوە، ئەوە بەو مانایە نییە، کە بڕوامان بە یەک جۆر لە تێگەیشتن هەبێت، بە هیچ جۆرێک بەو مانایە نییە، کە مانا لە عەقڵ دوورە.(١٣) ئەگەر قسە لە مانای وشەیەک، یان ڕستەیەک، یان دەقێک بکەین، ئەوە هەر دەبێ لە چوارچێوەی مەدلوولی پەیوەست بە دالەوە بخولێینەوە، کەواتە وەک (پۆل ڕیکۆر)(١٤) دەڵێ: مانا پێوەندییەکی ناوەکی لە نێو دەقدا دروست دەکات، بەڵام (نیشانە) و (مانا) دوو بەشی بەیەکەوە پەیوەست نین، وەک دال و مەدلوول، بەڵکو سەر بە دوو کایەی تیوری جیاوازن، پرەنسیپی جیاواز ئەنجام دەدەن و وەسفی جیاوازییان هەیە، دیارە تێگەیشتنی وەستاو

زمان زیاتر وەک ڕێسا و یاسا تەماشا دەکات، نەک وەک بوونێکی زیندوو، وەک جووڵە و کردە...تاد بە گشتی کۆی قسەکان لە بارەی ڕێسا و یاسای زمان و مانای چەسپاوەوە پێمان دەڵێت مانا (بە مێژوو) ئابڵووقە دراوە، بەڵام دەبێ بزانین مانا بەردەوام نوێ دەبێتەوە، داهێنان ئابڵووقە نادرێت، داهێنان زەمەنەکان تێکدەشکێنێ!

بەهای وشە لە ڕێگای پێوەندی وشەکە بە کۆمەڵێ وشەی دیکەوە دەردەکەوێت(١٥) مانا ناکەوێتە دەرەوەی شتەکانەوە، داهێنان ناکەوێتە دەرەوەی شتەکانەوە! تەئویلگەرەکان دەڵێن هیچ مانایەک لە دەرەوەی تەئویلەوە نییە، چ لە ڕێگای ناوکۆییەکی زانستییەوە بێ، یان کەسییەوە، واتە مانا، یان لە ڕێی تەئویلی ناوکۆییەوەیە، یان لە بیروڕای فەردی و خودییەوە هەیە، بەڵام داهێنان گەڕانەوە نییە بۆ مەبەستی شاراوەی دانەر، گەڕانەوە نییە بۆ بنیادی دەلالی و دنیای مانای حەقیقی میسالی، بەڵکو بە دواداچوونی بزاڤە لەبن نەهاتووەکانی مانایە و گەڕانە بە دوای ژیان و خوێنەر و مانای جیاوازدا، تەئویلکردن، واتە بەخشکردنی ئامرازی نوێ لە نێوان مرۆڤ و دنیا، خوێنەر و دەق، ئەو ئامرازە نوێیەی کە گوتار دەیخاتە ڕوو، مانا خۆی لە نێوان کۆمەڵێک سیفەتدا دەبینێتەوە، وەک مانای شاراوە، ناوەکی، دیار، نادیار، حەرفی، دەروونی، بۆیە مەسەلەی پێناسەکردن زۆرتر و زۆرتر دەبێت.

لێرەدا پرسیاری من ئەوەیە، دەشێ لە کۆی ئەو ئیشکالیەتانەوە مانا لە پێناسەیەکی جێگیردا ئابلۆوقە بدەین؟ ئایا ئەوەندە بەسە مامەڵەیەکی کولتووری، مێژوویی، حەدەسی، زمانەوانی، سایکۆلۆجی، لەگەڵ مانادا بکەین، یان بیر لەوە بکەینەوە، کە زمان دەژی و نوێ دەبێتەوە، ڕاستە هەتا ئێستا زانستی زمانەوانی لە ڕووی سیمیۆلۆجیا و تەئویلەوە ئەرکی زۆری کێشاوە، بەڵام هیچ قسەیەکی بۆ ڕاستکردنەوەی ئیشکالییەتەکانی مانا و بەرجەستەکردنی داهێنان نەکردووە؟

## ستراتیژی دانەر/ شاعیر
## لە نێوان ڕێکخستن و کەشفکردندا

لێرەدا دوو تێگەیشتن بۆ مانا لای (دانەر/ شاعیر) دەخەمە بەر چاو: تێگەیشتنی یەکەم، پێوەندی بە ئاستی زمانی- فەرهەنگی (معجمی lexicon)، واتە مانای چەسپاو (ئامادە) و ڕێکخستنەوە هەیە و مێژووی مانامان پێ دەناسێنێ، هەڵبەتە بە گشتی پێوەندییەکانی ئاستی زمانی فەرهەنگی لەوێوە بەرەو گوتار دەبێتەوە، کە پێی وایە مانای ئامادە جگە لە یارییەکی پاشکۆئامێزی ناوەکی شتێکی دیکە نییە، یەکەی فەرهەنگی بە درێژایی مێژوو مانای جۆراوجۆر لەخۆ کۆ دەکاتەوە، هەر زەمەنەی دەکەوێتە سەر حەقیقەتی مانایەک، وەک چۆن بە درێژایی مێژوو دەکەوێتە سەر جیاوازی ماناکانیشەوە. لێرەوە جیاوازی ڕێکخستنی مانا و ڕێکخستنی جیاوازی زۆرترین مانای ئامادە دەستەبەر دەکات، جیاوازی ڕێکخستن و ڕێکخستنی جیاوازی مانای ئامادە (دانەر/ شاعیر)ی جیاواز دەدۆزێتەوە، وەک چۆن (خوێنەر/وەرگر)ی جیاواز بەدوای جیاوازی ڕێکخستن و ڕێکخستنی جیاوازی مانای ئامادەدا دەگەڕێت، واتە وەک چۆن لە هەر قۆناغێکدا (دانەر/ شاعیر)ی جیاواز بەدوای ڕێکخستن و ڕێکخستنی جیاوازی بوونیاندا دەگەڕێن، تا بەهایەک بۆ (بوونی ڕێکخراو)ی خۆیان بەجێ بهێڵن. یان ئامادەیی ڕێکخراو بەجێ بهێڵن، بە هەمان شێوە لە هەر قۆناغێکدا (خوێنەر/وەرگر)ی جیاوازیش بەو مانایە مانای ئامادەی ڕێکخراو، (خوێنەر/وەرگر- دانەر/ شاعیر)ی ڕێکخراومان بۆ کەشف دەکات، (خوێنەر/وەرگر- دانەر/ شاعیر)ی ڕێکخراو ڕێگا بە مانای ئامادەی ڕێکخراو دەدات، بۆ ئەوەی بدوێت.

بەڵام تێگەیشتنی دووەم، بۆ مانا بە گشتی لە شیکردنەوەی کەشفکردن و دەلالەتی مانای خەیاڵکراوەوە سەرچاوە دەگرێت، وەک ئەوەی نزیکترین و نوێترین یەکەی گوتار پێکبهێنێت، کەشفکردن و مانای خەیاڵکراو بۆ قۆناغ و سەرچاوەی یاسا و ڕێسای ڕێکخستنی مانا ناگەڕێتەوە، بەڵکو هەمیشە ڕووە جیاوازەکانی مانا واڵا دەکات، ڕووی جیاوازی مانا زۆرترین سەربەخۆیی هەیە، ئەوە سەربەخۆیی مانای خەیاڵکراوە (دانەر/ شاعیر)ی سەربەخۆ دەدۆزێتەوە، بە دیوەکەی دیکەشدا (خوێنەر/وەرگر)ی سەربەخۆ هەمیشە بەدوای ڕووە جیاوازەکانی مانای کەشفکراودا دەگەڕێت، ڕووە جیاوازەکانی مانا، کەشفکردنی مانایە، کەواتە

دانەر/ شاعیری سەربەخۆ بەدوای مانای کەشفکراوی بوونیدا دەگەڕێت، تا بەهایەک بۆ (بوونی گریمانەکراو)ی بەجێ بهێنێت. یان ئامادەیی گریمانەکراو بەجێ بهێنێت، بە هەمان شێوە (خوێنەر/ وەرگر)ی جیاوازیش، ئەو تێگەیشتنەی کەشفکردنی مانا ڕەفتاری تەئویلی لە نێو دەقدا ڕێکدەخات. بەو مانایەش دەق کۆمەڵێک (دال)ـە و دەبێ لە دەرەوەی قۆناغ و سەرچاوەی یاسا و ڕێسای ڕێکخستنی ماناوە لەلایەن خوێنەر/وەرگر کەشف بکرێت، (دانەر/ شاعیر)ی سەربەخۆ لە حاڵەتی نووسیندا بە هەمان پرۆسەدا تێدەپەڕێت، ئەو کاتەش دەق بوونی هەیە، کە دەخوێنرێتەوە و خوێنەر بە شەهوەتی خوێندنەوە و نووسەر بە شەهوەتی نووسین دەگات! هیچ دەقێک بێ بوونی خوێنەر بوونی نییە، بەو مانایەش دەلالەت لەسەر زنجیرەیەکی بێ کۆتایی لە ڕێکخستنی دال و لە خەیاڵکردنی شەهوەتدا دەژیت. لە کۆی ئەو قسانەدا هەوڵ دەدەم ئەو دوو تێگەیشتنە لە سێ جۆر خوێندنەوە بۆ (مانا) کورت بکەمەوە: خوێندنەوەی یەکەم پێوەندی بە زمانی فەرهەنگی و مانای چەسپاو و ئامادەوە هەیە. خوێندنەوەی دووەم پێوەندی بە شیمانەیی مانای نووسەرەوە هەیە. خوێندنەوەی سێیەم دەکەوێتە سەر خوێنەری جیاوازەوە.

ئەگەر دەق فەزایەک بێ بۆ ئاوێتەبوون، ئەگەر دەق تانۆپۆی نێوان تێگەیشتنی فەرهەنگی و تێگەیشتنی شیمانەیی و خوێنەر بێت، ئەوە لە ئاسۆی خوێندنەوەی (ڕیکۆر)دا خوێندنەوە و تەئویلەکان لە دنیای مانای داخراوی ئایدیالیدا گیر ناخۆن، بەڵکو بە سەر ژیانێکی واڵا و نوێدا دەکرێنەوە! ئەو قسەیەی کە من لە ڕێگای ڕیکۆرەوە ڕێکم خستووە لەوێوە دێت، کە ڕیکۆر پێی وایە زمان ڕەنگدانەوەی هەموو ئەوانەشە کە پێش دەق و دوای دەق دەکەون! کەواتە زمان هەر تەنیا ڕەنگدانەوەی هەبوون نییە، بەڵکو پێوەندییەکی گشتگیرە و پێوەندی خەیاڵکردنی من و ئەوی دیکەیە بە هەموو دنیا، زمان یارییەکە هەمووان تێیدا هاوبەشین، جگە لە زمان شتێکی دیکە بۆ گوزارشتکردن لە خۆماندا نادۆزینەوە، جگە لە زمان شتێکی دیکە بۆ هەناسەدان نادۆزینەوە، جگە لە زمان شتێکی دیکە بۆ پێوەندی و هاوژیانی نادۆزینەوە، بۆیە کردەی تەئویلکردن لە ڕێگای زمانەوە دووبارە ئەفراندن دەگەیەنێت. هەر لە ڕێگای دووبارە ئەفراندنەوە درک بە ئەزموونەکانی ژیان و خوێنەرە جیاوازەکان دەکەین. (١٦)

## شیعری کوردی
## ماناکانی (ڕێکخستن) و دەلالەتەکانی (کەشفکردن) و (خوێنەری جیاواز)

لەو لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دەدەم قسە لە شێوەی ڕێکخستنی (مانای ئامادە و چەسپاو) و شێوەی کەشفکردنی (مانای نائامادە و خەیاڵی نووسەر) و (مانای ئامادە و نائامادە و خوێنەری جیاواز) لە شیعری نوێی کوردی و دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ی کوردستانی باشوور و بەشێک لەو شیعرەی کوردستانی ڕۆژهەڵات، کە دەکەونە بەر (شەپۆلی حەجم) و (شەپۆلی زمان) بکەم.

پرسیاری سەرەکی ئەو لێکۆڵینەوە لە هەموو ئەوانە ئەوەیە، ئایا شیعر تەنیا ڕێکخستنی مانای چەسپاو و ئامادەیە لە دووتوێی یاسا و ڕێساکانی زماندا، بە دیوەکەی دیکە ئایا شیعر ڕەتکردنەوەی یاسا و ڕێساکانی زمان و شێواندنی مانای ئامادەیە، مانای ئامادە و نائامادە و خوێنەری جیاواز دەکەوێتە کوێی شیعری کوردییەوە، بە دیوەکەی دیکەدا ئایا شاعیری کوردی بەشێک لە کێشەکانی ژیانی کوردی لە شیعرەکانیدا هەڵگرتووە، ئایا شیعری کوردی لە پێشبینی و خەیاڵی تاکی کوردی و خەیاڵی ئەوی دیکەی جیاواز دەدوێ؟

قسەکردن لە چەمکی (ڕێکخستن) لە ڕووی زمانەوە چەسپان و دڵنیایی دەگەیەنێت، بە دیوێکی دیکەدا دەشێ چەمکی ڕێکخستن بەو مانایە بێت، کە هەر یەک لە ئێمە بە عەقڵ و ئاگامەندییەوە بە دوای ڕێسا و یاساکانی زمانەوە بین، هەر یەک لە ئێمە لە سەر مێژوو و شێوەی تایبەتی (خۆی) قسان دەکات.

ئەگەر چەمکی ڕێکخستن قسەکردن بێ لە سەر شتی تایبەتی و شێوەی تایبەتی ئەو شیعرەی کە دوایی هاتووە! ئەوە چەمکی خەیاڵ و کەشفکردن لەگەڵ هەموو ئەو پرۆسانە دژ دەکەوێتەوە، کە تێیدا مانای چەسپاو ئامادەیی خۆی بەسەر شیمانەیی ئێستا و ئێستای زیندوودا دەسەپێنێت، وەک چۆن دژ بە هەموو ئەو قسەکردنانەشە، کە پێشتر سەرەتا و کۆتاییان زانراوە، کەواتە بەشێک لە خەیاڵ و کەشفکردن لە سەرەتا و

کــۆتایی نەزانراوەوە ســەرچاوە دەگــرێت! وەک چۆن بەشێکی دیکەی پێوەندی بە ڕووە جیاوازەکانی مانا و ڕووە جیـاوازەکـانی ڕێکخستن و خوێنەری جیـاوازەوە هەیە، هەر چۆنێ بێت هەمــیــشــە کــار و (دەقی ئەدەبی) (١٧) تەجـاوزی دەست بۆ بردنە تیـوریـیـەکـان دەکات، بەڵام ئایا تیورە ئەدەبییەکان ئەو حەقیقەتە درک دەکەن؟ هەڵبەتە ئەو پرسیارە وەرامی ناوەکی خۆی هەیە، کـە پێـوەندی ڕاستـەوخـۆی بە داهێنانەوە هەیە، لەگـەڵ هەمـوو ئەوانەشدا ڕێبازە ئەدەبییـەکـان بەرهەمهێنەرن و پانتـاییـەکی مـەعـریفی بەرفراوانیـان هەیە و مـامـەڵەی تایبەتی لەگەڵ کار و دەقی ئەدەبی و خوێنەری جیاوازدا دەکەن.

بە گـشـتی زمـان وەک بابەتی حـەقـیـقی و کـردەیی هەمـــوان بەیەکــەوە کــۆ دەکــاتەوە، لە کــۆی ئەو هاوگونجانەدا دەتوانم ئاماژە بە (سێ هێڵ) لە شاعیرانی شیعری نوێی کوردی باشوور و دوای ڕاپەڕین و بەشێک لە شیعری کوردستانی ڕۆژهەڵات بدەم، بەڵام بەبێ ئەوەی ئەو پۆلێنکردنە جگە لە گریمانەکردن شتێکی دیکە بێت، بەبێ ئەوەی پشت بە تیــوریێکی دیاریکراوی ئەدەبی ببەستێت، بەبێ ئەوەی چەمکی (داهێنان) وەک بنەمای قسەکانم بۆ بەراوردکردنی ئەو پۆلێنکردن و بەدواداچوونە بە کار بهێنم؟!

## هێڵی یەکەم

بە گـشـتی (هێـڵی یەکـەم) کـۆی ئەو شـاعـیـرانە دەگرێتەوە، کە بڕوایان بە دەست بۆ بردنی مانای ئامادە هەیە، لە مـیـانی مـانا نوێیـەکـان و لە دەرەوەی مـانای ڕووت و ڕەهادا! وەک چۆن هەوڵ دەدەن لە ڕێکخـسـتنی ماناوە هاوسەنگی نێوان (ئاستی گوزارشتکردن و ڕیتمی ڕستە) لە لایەک و (ڕیتمی وشە و مانای چەسپاو) لە لایەکی دیکە بپـارێزن، یان زمـان شـێـوەی ئاسـۆیی بپارێزن، واتە هاوسەنگی نێوان خود و گوتراو لە توێی زمان و مێژووی مانادا بپارێزن، بۆ ئەوەی جوانی شیعر و جـوانی ئامـادە بە یەکـەوە بگونجـێنن! هەمـوو ئەوانە پارێزگـاری لە ڕەسـەنایەتی و یاسا و ڕێسـاکانی زمان و جوانی ئامادە دەکەن، هەموو ئەوانە پێیان وایە بە پلەی یەکەم شیعری جوان پێوەندی بە ئاکاری جوان و وشەی جوان و گوتراوی جوان و خەیاڵی جوان و مانای ڕەوان و ڕیتـمی ڕەوانەوە هەیە، هەمـوو ئەوانە دەکـەونە نێـوان مشتومڕی گوتن و ماناوە! بۆ ئەوەی لە ڕێگای خودەوە بە گـوتراو بگەن، بۆ ئەوەی لە ڕێگای عـەقـڵـەوە بە مـانا بگەن، واتە لە ڕێگای مـێـژووی گـوتراوەوە بە مـانای ئامادە بگەن، لە ڕێگای کۆی مانا و گوتراوەوە بە جوانی و خـەیاڵی شیـعـری بگەن، لە ڕێگای تێگەیشـتنەوە بە دەلالەتە نوێیـەکـانی مـانا بگەن، بە دیوەکـەی دیکە لای هەمـوو ئەوانە حـەقـیـقـەتی مـانا هەمـیـشـە لە ئامـادەیی ئێـســتـای مـانادایە، بەو مـانایەش ڕۆشنایی مـانا لە ڕۆشنایی ئێـسـتـای مـانا دانەبڕاوە، لەوێشـەوە ڕێگا بۆ حەقیقەتی ئامادە خۆش دەکەن، بۆ ئەوەی بدوێ.

وەک دەردەکـەوێت هێـزی خـۆیان لە مـانای ئامـادە و ڕێکخستنی خوددا دەبیننەوە، پرسیار لەوە ناکەن عەقڵ، گوتراو بنیاد دەنێت، یان گوتراو، عەقڵ دروست دەکات؟! پرسیار لە تێگەیشتن و مانا ناکەن، پرسیـار لە جیاوازی و دنیابینی جیاواز ناکەن، پرسیار ناکەن وشەی شیعری چۆن دروست دەبێت، جیاوازی لە نێوان ڕەوانی و ڕاهاتن و شیمانەیی چییە؟!

## هێڵی دووەم

(هێـــڵی دووەم) زۆربەیان لـەســـەر بڕوابـوون بە نائاگـامـەندی (نەست) و پێـشـخـسـتنی ناوکـۆیی و فـەرامـۆشکردنی خود لە یەکـەوە نزیکن، بەڵام نەک بەو مانایە کە گەڕانەوە بۆ نائاگامەندی و نەست گەڕانەوە بێ بۆ (فرۆید) (١٨)، بەڵکو بەو مانایە کە نائاگامـەندی و نـەست پێش زمـــــان دەکـــــەوێت، وەک چۆن لای (لاکـان) (١٩) جێگای گـفـتـوگـۆیە، لەوێوە شـاعـیـرانی هێـڵی دووەم هەوڵی کـەشـفـکردنی مـــانا و هەوڵی (دامەزراندنی پێوەندییەکی نوێ لە نێوان وشە و وشە، وشـە و مرۆڤ، وشـە و دنیـا) دەدەن، ئاسـۆیەکی دیکەی چاوەڕوانی بۆ خوێنەران والا دەکەن، شێوەی ستوونی بە زمـــان دەبەخــشــن، ئەوەش جـــێـکەوتەی وشـــە و پێـوەندییـەکـانی و ئاسـۆیەکی دیکەی چاوەڕوانی دەخـاتە نێو گـەشەکردنی وشە و گەشەکردنی ناوکـۆییەوە، وەک چۆن بەشـێکی زۆر لە شـاعـیـرانی هێـڵی دووەم خـۆیان بە (کـۆتایی نەزانراو) دەسـپـێـرن، خـۆیان بە (دنیـابینی جیاوازی مرۆیی) دەسپێرن، بە پلەی یەکەم میکانیزمی خــەیاڵ بە بزوێنەری شـــیـــعـــری دادەنێن، لە ڕێگای

یاخیبوونی مەعریفییەوە هەوڵی بەرجەستەکردنی شیمانەیی شیعری و کەشفکردنی جوانی و پێوەندییە کراوەکانی ژیان دەدەن، هیچ سنوورێک بۆ مانا و جوانی و چێژ قبووڵ ناکەن، هەموو سنووردانانێک بۆ توانایی لە بن نەهاتووی مرۆڤ ڕەت دەکەنەوە، هەموو ئەگەرەکان بۆ جیاوازی مانا دەڕەخسێنن، هەموو ئەگەرەکان بۆ تەماشاکردنی دنیا بە کراوەیی جێ دەهێڵن، بە دیوەکەی دیکەدا هەموو ئەوانە ڕێگا بۆ شیمانەیی خۆش دەکەن، بۆ ئەوەی خۆی دابمەزرێنێ.

وەک دەردەکەوێت هێزی خۆیان لە نائاگامەندی و پێشخستنی ناوکۆیی و فەرامۆشکردنی خوددا هەڵدەگرنەوە، بەڵام پرسیار لە بارەی بنەما جیاوازەکانی مەعریفە و ئاستی کولتوور و پێشکەوتنەکانی ئەوی دیکەی مرۆڤایەتی، وەڵام نادەنەوە، قسەکردنی جیاوازی ئەوی دیکە لە بارەی عەقڵ و تێگەیشتن و درککردن فەرامۆش دەکەن!

## هێڵی سێیەم

(هێڵی سێیەم) تەواو پێچەوانەی هێڵی یەکەم بیر دەکەنەوە، (هەموو ئاوڕدانەوەیەک بۆ مێژووی مانا و ڕێکخستنی خود ڕەت دەکەنەوە)، (هەموو یاسا و ڕێساکانی زمان و ڕەسەنایەتی ڕەش دەکەنەوە) بەو مانایەش تەواوی ڕابوردووی مرۆڤایەتی بە ئاوڕدانەوە بۆ میتافیزیکا دادەنێن! هەموو بایەخی نائاگامەندی و نەست لە لایەک و پێشخستنی ناوکۆیی لە لایەکی دیکەوە بە خەمی خۆیان نازانن، (هەموو سەرچاوەکانی فیکر و مەعریفە وەلا دەنێن) بۆ ئەوەی لە ڕێگای نیشانەی هەڕەمەکییەوە، تێکدانی پێوەندی نێوان وشەکان مانای باو تێکبشکێنن و بگەنە کورتبڕی، شیمانەیی سەربەخۆ فەراهەم بکەن، بۆ ئەوەی لە ڕێگای پێوەندی ڕێک نەخراوەوە گوزارشتکردنێکی یاخی و ئاسۆیەکی دیکەی چاوەڕوانی گەشە پێ بدەن، وەک ڕیزۆم لە نێو زماندا بیر لە زمان دەکەنەوە، لە ڕێگای خەیاڵ و وێنەوە بە جوانی لەناکاو و لە ڕێگای شیمانەیی نکۆڵیکەرەوە بە مانای نائامادە و ئەوی دیکەی خوێنەر دەگەن، بە گشتی هەمووان بە پلەی یەکەم ڕێگا بۆ شیمانەیی خۆش دەکەن، بۆ ئەوەی وەک شیمانەیی بدوێت.

واتە هێزی خۆیان لە تێکشکاندنی مانا و کورتبڕی و بەرهەمهێنانەوەی نیشانە و شیمانەیی سەربەخۆدا دەبیننەوە، لای ئەوان شیعر دەنگە، بەڵام ئەسڵ و دەق لە ناوچووە! بیر لەوە ناکەنەوە نەگونجان و بێ مانایی هیچ پێوەندییەکی مرۆیی ناخوڵقێنێ، ئەگەرچی هەڵگری جۆرێک لە یاخی بوونیش بێت، مەرج نییە هەمیشە یاخی بوون جوانی کەشف بکات، ئەگەرچی یاخی بوون بێت بە ڕووی باودا، بیر لەوە ناکەنەوە کۆی فیکری مرۆڤایەتی ڕاستەوخۆ پێوەندی بەیەکەوە هەیە، بیر لە بەهای پێوەندی و خۆشەویستی و هارمۆنی و سۆزی مرۆییانە ناکەنەوە، چارەنووسی بێ یادەوەرین.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

(١) شیعری نوێی کوردی کۆی ئەو شەپۆلە شیعرییانەی دوای (شیعری ئازاد)ی گۆران و هاوەڵانی دەگرێتەوە.

(٢) دەلالەتی شیمانەیی لە بەرانبەر دەلالەتی حەقیقی وەک ئەوەی (جورجانی) لە کەلەپوری عەرەبی ئیسلامی بە دالی (مەجازی) ناوی بردووە، کۆمەڵێک مەدلوول دەخاتەوە، کە دالی مەجازی بەرهەمیان دێنێ، بەڵام شوێنگەی دەلالەت لە زمانەوانی نوێ و دوای ساڵانی ١٩٥٠ کۆمەڵێک پێشکەوتنی گەورەی لە سەر دەستی (سوسێر) و دوای (سوسێر) بەخۆوە بینیوە و وەک زانستێکی سەربەخۆ قسەی لێ کراوە. زانستی زمانەوانی نوێ دەکرێتە دوو قۆناغ، قۆناغی سوسێر و قۆناغی دوای سوسێر، قۆناغی دوای سوسێر، قۆناغی جیاکردنەوەی دەلالەتی زمانەوانی و دەلالەتە بە شێوەیەکی گشتی، یەکەمیان پێوەندی بە بابەتی زمانەوانی و بە دواداچوونی زمانەوانییەوە هەیە، بەڵام دووەمیان پێوەندی بە بابەتی زانستی نیشانەکانەوە هەیە، بەو مانایەش زانستی زمانەوانی لە سێ بواردا قسەی لێ دەکرێت: زانستی دەلالەتی فەرهەنگی، زانستی دەلالەتی ڕستە، زانستی دەلالەتی دەق، بۆ زیاتر شارەزایی بڕوانە: في تعليمية القراءة: المعنى، الدلالة وانتاج المعنى، الاستاذ الهاشمي العرضاوي.

(٣) چییەتی زمان و فەلسەفەی تەئویل، د. سعید توفیق، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠١٧.

(٤) چەند لایەنێکی واتاسازی، کورش سەفەری، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: دلێر سادق، دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، چ١/٢٠١٦، ل١.

(٥) فردینان دو سوسێر Ferdinand de Saussure، ١٨٥٧-

١٩١٣ زانایەکی زمانەوانییـە و کۆمـەڵێک توێژینەوەی لەبارەی زمـانەوە کـردووە، یەکێک لەوانە جیـاکردنەوەی زمـان (اللغة) و قسـەکردن (الکلام)ـە، زمان کۆمەڵێک یاسا و ڕێسایە ڕووداوی زمـانی بەرێوەی دەبات، بەڵام قســەکـردن بە ڕووداوی زمـانی ڕاستەوخۆ، یان بە قسەکردنی کەسەکانەوە بەندە. هەڵبەتە سوسێر گرنگی بە زمـان دەدات و تا ڕادەیەکی زۆر قسـەکـردن پشـتگوێ دەخات، بە کتێبی توێژینەوە گشتی زمانەوانی کە لە دوای مردنی لە ساڵی ١٩١٦ لەلایەن قوتابییەکانی بڵاو کرایەوە بە ناوبانگە.

(٦) سوکرات (٣٨٩-٤٧٠ پ.ز) یەکەم کەسە هەردوو وشەی فەلسەفە و فەیلەسووفی بەکار هێناوە.

(٧) ئەفلاتوون Plato 348-428 پ. ز.

(٨) شلیرماخەر ١٧٦٨- ١٨٣٤ Shleiermacher

(٩) فـریدریک گـۆتلۆب فـریگە، فـەیلەسـووفی ئەڵمـانی (١٨٤٨-١٩٢٥) بە یەکـێک لە گـەورەترین بیـرکـاریناس و لۆجیکناسی سەردەمی مۆدێرنە ناسراوە.

(١٠) ئیدمۆند هوسرەل (١٨٥٩-١٩٣٨).

(١١) (برتراند ڕاسل ١٨٧٢-١٩٧٠) فەیلەسووفی بریتانیا بە یەکێک لە بە ناوبانگتـرین بیـرکـاریناس و لۆجـیکناس و زمـانناسی ناسـراوە، لە بنەمـاڵەیەکی تێکۆشـەر لە دایکبـووە و باپیرەی دوو جار سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی بریتانیای پێ سـپێـرراوە، لە زانکـۆی کـامـبـردج بیـرکـاری خـوێندووە، زۆر بە ئەکلیدس و جۆن ستیوارد مل، وەک چۆن بە هیگڵ کاریگەر بووە، بۆ چارەسەری گیروگرفتە فەلسەفییەکان پشتی بە عەقڵییەتی بیـرکـارییـانە بەسـتـووە و زانست بە گـۆڕەپانی چالاکـیـیـە فەلسـەفییـەکان دادەنێت، پێی وایە فـەلسـەفـە دەبێ ئەو کێشـانە چارەسەر بکات کە زانست پێی گەیشتووە، فەلسەفە دەبێ ڕێگا بۆ زانست خۆش بکات. بەرهەمەکانی ڕاسل (٧١) کتێبە و زۆربەیان لە بارەی بیرکاری و لۆجیک و زانست و ئاکار و سیاسەتن.

(١٢) هوسـرەل لێکۆڵینەوەی لەبارەی فـیکرەی (شت لەخـودی خۆی) و (شت بۆ خودی ئێمە)ی (ئیمـانۆیل کـانت) کردووە و لە ڕێگای فـیـکر و فـەلسـەفـەوە چووەتە ناو ئەو دوالیـزمـە و دەرئەنجـامەکەشی بەرهەمهێنانی چەمکی نیازگەرایيە القصدية "Intentionality".. لای هوسرەل هەمـوو کردەیەکی ئاگـامـەندیی مرۆیی هەستێکی نیازخوازانەیە، واتە نیازیەتی کە درک بەو شتە بکات، بۆیە هەمیشە هەستکردن، هەستکردن بووە بە شتێ، نیازی ئەو هەسـتکردنەش بۆ خـودی شـتـەکە دەگـەڕێتـەوە. لە ڕێگـای ئەو پێناسـەیەوە دەگـەینە ئەوەی کـە هەمـوو ئاگـامـەندییـەک درککردنی تایبەت بەخۆی هەیە، (ئەو بەشەی قسەکەی هوسرەل -مانا- وەک دنیـایـەکی حـەقـیـقی و ئایدیالی وێنا دەکـات، تاک مـانـایی دەگـەیەنێت) بەڵام کـە دەڵێ دەبێ بزانین کـە ئەو نیـازخـوازییـە، نیـازخوازییـەکی ویسـتـخـوازانە و تایبەت بە مرۆڤ نییـە، بەڵکو تایبەتە بە تیوری ئەبستمۆلۆژیاوە. (دەیەوێت بڵێ، فینۆمینۆلۆجیا بەدواداگەڕانێکی لۆجیکییە، نەک تەئویلی).

(١٣) مـدخل الي علم النص، ومـجالات تطبيـقـيـة، محـمـد الاخضر الصبيحي، منشورات الاختلاف، ط١، ٢٠٠٨، ص٤٣.

(١٤) پۆل ڕیکۆر لە ٢٧ی شـوباتی سـاڵی ١٩١٣ لە شـاری "فـالنس"ی فـەڕەنسی لەدایک بووە، لە دوای شـەش مـانگ دایکی کۆچی دوایی کردووە، بەڵام باوکی کە مامۆستای زمانی ئینگلیزی بوو، لە سـاڵی ١٩١٥ لە بەرەکـانی یەکـەمین جـەنگی جـیـهـانی کوژراوە، بۆیە ئەرکی بەخێوکردنی خۆی و خوشکەکەی دەکەوێتە ئەستۆی مامییەوە. خوێندنی دواناوەندی لە "رین" تەواو کردووە، پاشان چووەتە زانکۆ و بڕوانامەی ماجستێری لە فەلسەفە بەدەست هێناوە، ئینجـا چووەتە زانکۆی "سـۆربۆن" لە پاریس و لەوێ نیشـتـەجێ بووە. بۆ زیاتر شارەزایی بڕوانە: بول ريكور، فلسـفـة الارادة، الانسـان الخطاء، ترجـمـة: عـدنان نجـيب الدين، دار البيضاء- المغرب، ط١، ٢٠٠٣، مقدمة.

(١٥) چەند لایەنێکی واتاسازی، هە. س. پ... ل١٠.

(١٦) ظاهريات التـأويل: قـراءة في دلالات المعنى عند بول ريكور، محمد هاشم عبدالله، مجلة التفاهم، ٢٠١٣.

(١٧) هەڵبەتە پێناسـەی دەقی ئەدەبی پێناسەیەکی دیاریکراو نییـە، بەڵکو لە کـۆی ئەو نووسـینەدا هەوڵێک بۆ نزیکبـوونەوە هەیە، جگە لەوەش مـامـەڵەکـردنمان لەگـەڵ دەقی ئەدەبی وەک ناوکۆیی مەعریفی و کاری زمان خۆی دەنوێنێ.

(١٨) فـرۆید، سـیگـمـۆند (1856_1939) Freud Sigmund پزیشکی دەروونی نەمساوی، بە بەناوبانگترین زانای دەروونی لە فیکری نوێدا دێتە ژماردن. دامەزرێنەری ڕێبازی دەروونشیکارییە (Psychoanalysis).

(١٩) پزیشـکی دەروونی و شـیـکەرەوەی دەروونی و وەرگـێـڕ و فـەیلەسـووف و نووسـەر و ڕەخنەگـری ئەدەبی ژاک لاکـان لە ١٣ی ئەپریلی ١٩٠١ لە فـەڕەنسـا شـاری پاریس لە دایکبـووە و لە ٩ی سێپـتـەمـبـەری ١٩٨١ لە تەمـەنی ٨٠ سـاڵی هەر لە پاریس بە نەخۆشی سەرەتانی قۆڵۆن کۆچی دوایی کردووە. لاکان دەڵێ زمان ئەو شـتـەیە کـە بوون لە حـەز و ئارەزوو بەتاڵ دەکـاتەوە. زمـان تەواوی دنیـای خـەیاڵ دابەش و پارچە پارچە دەکـات. بە بڕوای لاکان نەست بەرهەمی تایبەتی زمانە.